کرێکارێکی رۆژهەڵاتی: کارگێڕێکی ئاسایش لێم دەپرسێ لە ئێران چەند پاسدارت کوشتووە و چەند سەیارەت تەقاندووەتەوە

# ساتێك لەگەڵ کرێکارانی رۆژهەڵاتی لە باشووری کوردستان

**ژمارەیەک لە کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆربەیان لە تەمەنی لاویەتیدان، لە شارەکانی باشووری کوردستان خەریکی کرێکارین. "بۆ کوردستان،" چەند کەس لەو کوردە زەحمەتکێشانەی بەسەرکردەوە و لەبارودۆخی کار و ژیانیان لە کوردستانی ئازاد دا، کۆڵییەوە.**



"بۆچی بۆ کار کردن رووتان لەم دیو کرد،" پرسیارێک بوو کە لەسەرەتادا "بۆکوردستان" ئاراستەی کرێکارانی رۆژهەڵاتیی دانیشتووی هەولێر و سلێمانیی کرد.

محەممەد مهابادی ، 22 ساڵ تەمەن و کرێکاری بەردەستی گەچکار، هۆکاری هاتنی بۆ شاری سلێمانی، نەبوونی کار لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان لەقەڵەمدا و وتی:"لە کوردستان و بەگشتی لە ئێران کار نییە. یانی بۆ ئەوانەی کە لەگەڵ حکوومەتن کار هەیە، بەڵام بۆ ئێمە نییە. دوای ئەوەی لە سەربازی هاتمەوە هیچ کارێکم دەست نەکەوت و ناچاربووم روو لە ئێرە بکەم. ئەگەر توانیبام مانگی 50 هەزار تمەن بەدەست بێنم، قەت رازی نەدەبووم شارەکەی خۆم بەجێ بهێڵم."

ناوبراو "کوردبوون"ی بە "تاوان"ێک دانا، بۆ ئەوەی حکوومەتی ئێران هەلی کارکردنیان بۆ نارەخسێنێ.

هەروەها، محەممەد ناسری، کە لە لەیلاخی سنە لەدایکبووە و دیپلۆمی هەیە، باسی لەوە کرد کە"لەساڵی 1378 هەتاویدا، بەهۆی خۆپیشاندانەوە تووشی کێشە بووە. لەبەر ئەوەیکە پشتیوانیی نەبووە، نەیتوانیوە لە دیپلۆم زۆرتر بخوێنێ و پاش سەربازییش کارێکی دەست نەکەوتووە. بۆیە، بەناچار رووی لە باشووری کوردستان کردووە. "

پاشان، سادق کەریمی، خەڵکی سنە، کە یەک ساڵە لە شاری سلێمانی ئیش دەکا، لەو بارەوە وتی:" لە قەزوێن خوێندکاری زانکۆ بووم. لەبەر بێپارەیی نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم."

ناوبراو بۆچوونی وابوو کە"لە ئێراندا بۆ کورد کار نییە، ئەگەریش هەبێ کرێکارییە. لە شارگەلێک وەک تەورێز و ئیسفەهان و تاران کابرا دەتوانێ بە (سیکل) دابمەزرێ، بەڵام بەداخەوە بۆ کورد وانییە."

سادق، باسی لە پێوەندیی ناتەواوی نێوان کار و خوێندن لە شارەکەیدا کرد و وتی:" کەسانێک دەناسم کە هەر لە شاری سنەن و (لیسانس) و (فوق لیسانس)یان هەیە و بێکارن. نەتەنیا من، بەڵکوو زۆربەی گەنجەکانی شاری سنە کە ئەوە دەبینن، ئایندەی خۆیانیان دێتە بەرچاو و واز لە خوێندن دێنن و بەناچار روو لەکرێکاری دەکەن."

لەدرێژەدا، قادر بەهرامی، خەڵکی سنە، هاودەنگ لەگەڵ کرێکارانی دیکە، رەتی کردەوە کە"لەو دیو ئەو کارەی کە بتوانی ژیانتی پێ دابین بکەی، بوونی هەبێ."

لەلایەکی دیکەوە ، سیروان ئەردەلان، خەڵکی بۆکان، دەڵێ:" کار هەیە، بەڵام بۆ کێ؟ بۆ بەنێو (بنیاد شەهید) و (جانبازان) و ... هتد."

هەروەها، عیرفان جەوهەری، خەڵکی زاوەرۆی سنە و دانیشتووی هەولێر، نەبوونی کار لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پشتڕاست دەکاتەوە و بەهۆکاری هاتنی بۆ باشووری کوردستان لەقەڵەم دەدا.

عیرفان، کە 25 ساڵ تەمەنیە، دەڵێ: "11 ساڵ لە قوتابخانە خوێندوومە، بەڵام کاتێ زانیم کەس نیەپاڵپشتیم لێ بکا، وازم لەخوێندن هێنا. بەگشتی، پاش 12- 13 ساڵ خوێندن، ئەوانەی وا پارەیان نییە، بە ناچار دەبنە کرێکار و هەر بەم تەرزەی ئێمە ئاوارە دەبن. "

دووبارە لە هەولێر، بارام مسکینی، کە پەنابەرێکی سیاسییە و بە وتەی خۆی بە ناچار لێرەیە و ئیشی جام دەکا، دەڵێ:" من رێکخستنی ناوخۆ بووم، ئاشکرا بووم و هەڵاتم هاتمە ئێرە. لەوێ دووکانم هەبوو و بۆ کار نەهاتوومەتە ئێرە."

## کاتێ لیسانسی بێکار دەبینین داهاتووی خۆما نمان دێتە بەرچاو و واز لە خوێندن دێنین

لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ کرێکارانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەمانبوو، لە بارودۆخی کار و نێشتەجێ بوونیانمان کۆڵییەوە و ئەوانیش بەم شێوازە هاتنە ئاخاوتن:

محەممەد مهابادی، وەزعەکەیانی لەچاو رۆژهەڵاتی کوردستان بە"باشتر" وەسف کرد.

هەروەها، محەممەد ناسری، "بێکاری و گرانی شتومەک"ی بەیەک لە کێشەکانیان دانا.

هاوڕا لەگەڵ کرێکارانی دیکە، کەریم بەهرامی، ئەو بڕەپارەیەی کە وەریدەگرن، بەئەوەندەی نەزانی کە بتوانێ ژیانیان دابین بکا و رایگەیاند:" ئەگەر بەگشتی کار و داهاتەکەی ئێمە، لەگەڵ شوێنێکی وەکوو تاران هەڵسەنگێنی، کاری تاران لێرە باشترە و ئەم بڕە پارەیە ناتوانێ ژیانمان دابین بکا."

قادر بەهرامی، رەخنەی لە نەبوونی ئیمکاناتی خزمەتگوزاری و دۆخی پاک و خاوێنیی شوێنی کار و حەسانەوەیان گرت و وتی: "لێرە کێشەمان زۆرە. ئێرە نە کارەبا، نە نەوت، نە ئاو و هیچ شتێکمان نیە. ئێمە لە گەڕەکی راپەڕین کار دەکەین. وەزعی پاک و خاوێنی ئەوێ باش نییە. ژێرئاوەکانی دەرنەچووە و دەڕژێنە بەر ماڵان و... هتد."

هەروەها، بارام مسکینی لەم بارەیەوە دەڵێ:" ئەگەر حیسابی بکەین، لە مانگێکدا نزیک بە 10 رۆژ کار هەیە و ئەویش هەر پارەی بەرمیلێک نەوت دەکا. ئێمە زۆربەی شتەکانمان ئازاد دەکڕین."

دووا کەسیش کە لەو بوارەوە بیروڕای خۆی درکاند، سیروان ئەردەلان بوو. ئەو نەیشاردەوە کە کێشەیەکی سەبارەت بە وەرگرتنی مووچە لەگەڵ خاوەنکارەکەی بۆ هاتووەتە پێش و وتی:"لەبەر ئەوەی کە ئیقامەم نەبووە، خاوەنکار بۆ پارەپێدان ئازارمی داوە. 3 مانگ پارەکەمی نەدا. بۆیەش شکایەتم نەکرد، کە ئێمە ئیقامەمان نیە و ترسام کە دیپۆرتم بکەنەوە. "

بەشێکی دیکەی قسەکانی کرێکاران، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی خاوەنکارەکانیان بوو:

محەممەد مهابادی لەو بارەوە دەڵێ:"تا ئێستا کە بۆ هەرکەس کارم کردووە، زۆر باش بووە."

محەممەد گوڵپەریپوور، هەڵسوکەوتی خاوەنکارەکانی ئێرەی لا باش بوو و رەخنەی ئاراستەی خاوەنکارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و وتی:"خاوەنکارەکان لێرە لەگەڵماندا باشن. بەڵام لە شوێنێک وەکوو ئەو دیو، لەبەر ئەوەیکە نییانە، بە قەرز و قۆڵە پارەت پێ دەدەن و زۆر جاران هەیە هەر پارەت پێ نادەن."

نزیک بە بۆچوونەکانی دیکە، بارام مسکینی و عیرفان جەوهەرییش، لەهەڵسوکەوتی خاوەنکارەکانیان رازی بوون.

لەدرێژەدا، چەند کەسێک، سەبارەت بە شێوازی هاتنیان بۆ باشووری کوردستان دوان:

محەممەد مهاباد، سەبارەت بەو بابەتە وتی:"بەقاچاخ دێین. چۆنکە بە شێوەی یاسایی حکوومەتی ئێران رێگامان پێنادا و پێمان دەڵێن دەڕۆنە وڵاتێکی دیکە. حکومەت(ئێران) ئەگەر بزانێ، کێشەمان بۆ ساز دەبێ، ئازارمان دەدەن، بەتاوانی (تێپەڕبوونی نایاسایی لە سنوورەوە.) "

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا، کەسێکی دیکە ئاشکرای کرد کە هێندێک لەکرێکاران" لە سنووری باشماخەوە هاتوون و هاوکات، بۆ دانیشتن لە باشووری کوردستان پێویستیان بە پشتیوانی و بڕۆسکەی لایەنێک وەکوو کۆمپانیاکان هەیە."

بە وتەی زۆربەی ئەو کرێکارانە، کەسانێک کە بە ئامانجی کارکردن روو لە باشووری کوردستان دەکەن، لە رێگای کۆڵبەرەکانو بەیارمەتیی ئەوانەوە دێن. لەبەرانبەری ئەو هاوکارییەشدا، کۆڵبەرەکان، لەهەر کرێکارێک بڕی 3- 4 هەزار تمەن پارە وەردەگرن. گەر هاتوو تووشی هێزی ئینتزامییش بوون، بە دانی بڕە پارەیەک وەکوو"رشوە" رزگاریان دەبێ.

پاشان، یەک لەو کوردە زەحمەتکێشانە، لە قسەکانیدا ئاماژەی بە کەسانێک کرد کە گیرۆدە بە مادە هۆشبەرەکانن. ئەو ئاماژەیدا کە "هێندێ لەو کەسانەی لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێنە ئێرە، تەنیا ئامانجیان خراپکارییە و بەشێکیش تەنیا بەدوای ئیش و کار دا دەگەڕێن."

ئەو دەڵێ:" لەگەڵ یەکێ دوو کەس لەوانە پێکەوە کار دەکەین. یەکیان خەڵکی مهابادە و ناویشی (ب . و) یە. ئەو بۆ مەسرەفی خۆیەتی و تەنیا حەب بەکار دێنێ و لە دەرمانخانە لە شاری سلێمانی دەیکڕێ. ئەو پێشتر لە مهاباد موعتاد بووە. ئێستا کە کار دەکا حەب بەکار دێنێ و ... هتد."

کرێکارێکی دیکە، بەپێچەوانەی هەمووان، باسی لە تەرکی ئیعتیاد کرد و رایگەیاند"راستیەکەی من کەسێکم نەبینیوە کە لەو جۆرە مادانە بۆ ئێرە بێنێ، بەڵام کەسانێکم بینیوە کە هاتوونەتە ئێرە بۆ تەرکدانی. دیارە ئەویش بە هۆی ئەوەیە کە لێرە دەستڕەسییان بەو مادانە نیە.

تەنیا چەند مانگ پێش ئێستا بیستم کە کابرایەک بڕێکی بۆ مەسرەفی خۆی هێنابوو و پاش ماوەیەک ناچار بوو بگەڕێتەوە ئەو دیو."

داواکاری، پێشنیار و گلەیی و گازندە لەخەڵکی هەولێر و سلێمانی ، حکومەتی هەرێم و حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دووابەشی قسەکانی کرێکارانی رۆژهەڵاتیی پێکهێنابوو.

بارام مسکینی، روانگەی سەبارەت بە خەڵکی باشووری وڵات دەردەبڕێ و وتی: "خەڵکی ئێرە بە چاوی هاوڵاتی چاومان لێدەکەن. چۆنکە دەڵێن کاتی خۆی کوردی رۆژهەڵات زۆر زەحمەتی ئێمەیان کێشاوە. بۆیە زۆر رێزی کوردی رۆژهەڵاتی دەگرن."

بەڵام، ناوبراو، گلەیی لە کارگێڕێکی ئاسایش هەبوو و وتی: "ئەو لە ئاسایش بە منی وتووە، لە ئێران کاری کرێکاری نەبوو کە هاتووی بۆ ئێرە؟ تاکوو ئێستا چەند پاسدارت کوشتووە و چەند سەیارەت تەقاندووەتەوە؟" مسکینی، ئەو جۆرە ئاخاوتنەی کارگێڕێکی ئاسایش، لەگەڵ پەنابەرێکی سیاسی بە باش نەزانی.

بەهەمان شێوە، عیرفان جەوهەری، گلەیی لە سەندیکای کرێکاران و ئۆستاکانی هەولێر هەبوو. ناوبراو وتی:"پێمان دەڵێن، ئێوە کە هاتوونەتە ئێرە و هەرزانیش کار دەکەن، ئیش و کاری ئێمە دابەزینی بەخۆوە بینیوە و ... هتد."

محەممەد، سەبارەت بە حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاتە ئاخاوتن و رایگەیاند:"حیزبەکان، تا ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمە زۆر باش بوون، بەتایبەتی بۆ مانەوە و ئیقامە بەکەڵک هاتوون. داواکارییم لە حیزبەکانی خۆمان ئەوەیە کە پێکەوەیەک بن، دەنگیان یەک بێت و با پێکەوە هاوپەیمان بن.

هەروەها، ناوبراو رووی قسەی کردە خەڵکی باشووری کوردستان و وتی:" دووهەم داواکاریم لە خەڵکی ئێرەیە. با ئەوانیش جیاوازی لە نێوان کوردەکانی چوارپارچەی کوردستان دانەنێن."

لە کۆتایشدا، لەلایەن چەند کەسێکەوە، لە حکوومەتی هەرێم، داوای دابینکردنی شوێنێک کرا، "تایبەت بە کاروباری ئیقامە"ی کرێکاران و زەحمەتکێشانی خەڵکی رۆژهەڵات و دانیشتووی باشووری کوردستان.

# پەروەردە و راهێنانی هەڵە و ژنی لاواز

شیرین ئیلامی

بە شێوەی گشتی لە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهاندا، ژنان بە رادەی پیاوان خاوەن ئیرادە و هەستی باوەڕبەخۆبوون نین. ئەمە خۆی یەک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی لاوازبوونی پێگەی ژنانە لەسەر گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا. ئەم تایبەتمەندییە، دیاردەیەکی رەگەزی نییە و پسپۆڕانی ژنێتیکیش راستیی ئەم بابەتەیان سەلماندووە.



بە بڕوای من ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە و بارهێنانی هەڵەی ژنان.

پێکهاتەگەلێک وەکوو بنەماڵە، بەشە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە و رێنوێنیی کۆمەڵایەتی ، بەتایبەتی قوتابخانە، زانکۆ و راگەیەنەرەکان، دەوری سەرەکی و بنەڕەتییان لە پەروەردەکردن و بەخشینی کەسایەتی بە ئینسانەکاندا هەیە.

کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتیی جیهان سێهەمی، کە هێشتا ئاسەواری ئایدئۆلۆژیا و فەرهەنگە کۆنەکانی تێیدا بە جێ ماوە، تا چ رادەیەک گرینگی بە ژن دەدا و چ پێگە و بایەخێکی کۆمەڵایەتیی بۆ دادەنێ؟

ئایا بە چاوێکی یەکسانەوە دەڕوانێتە هەر دوو رەگەزی ئینسان، یان بەپێچەوانەوە، ژن بە شایانی یەکسانی لەگەڵ پیاودا نازانێ؟

نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا، وەکوو نەریت و سوننەتێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونی هەیە. کچان، هەر بەو پێیە بار دەهێنرێن و لە سەرەتای شکڵ گرتنی کەسایەتییەوە، لەگەڵ دنیایەکی پڕ لە جیاوازیدا رووبەروو دەبن. دنیایەک کە سووچ بە سووچی، لە گوێیاندا دەخوێنێ: تۆ نابێ وابی، نابێ وا بکەی، نابێ... ، لەبەر ئەوەیکە کچی.

ئینسانگەلێک کە لەم دۆخەدا باردەهێنرێن، چۆن دەتوانن باوەڕیان بە خۆ و تواناییەکانی هەبێ؟!

دەروونناسی بە باشی ئەم مەسەلەیەی سەلماندووە کە نەتەنیا ژنان ، بەڵکوو پیاوانیش ، ئەگەر هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بەو شێوازە رابهێنرێن، ئینسانگەلێکیان لێ دروست دەبێ کە باوەڕیان بە خۆ نییە، هەست بە سەربەخۆیی ناکەن و ناتوانن لەسەر پێی خۆیان راوەستن. ئینسانگەلێک کە بەردەوام پێویستیان بەوە هەیە کە رەگەزی بەرانبەریان، بۆ ئەنجامی هەر کارێک دەستیان بگرێ.

بە کوردی و بە کورتی، دەبێ رەگەزی مێ هەر لە تەمەنی منداڵییەوە وەکوو رەگەزەکەی بەرانبەری باربهێنرێ و فەرق و جیاوازیی بۆ دانەنرێ.

ئەگەر دوێنێمان لەدەست دەرچووە، با بیر لە داهاتوو بکەینەوە. با بەگشتی بە پەروەردەکردنی دروستی کچ و کوڕ ، ئینسانگەلێکی کارا و لێهاتوو رەوانەی نێو کۆمەڵگاکەمان بکەین.